# پشکنینی تازەلەدایکبووان بۆ نەخۆشیە زگماکیە دەگمەنەکان
(نموونەی پشکنینی VasSeu)

پێشنیاری پشکنین بۆ نەخۆشییە زگماکییە دەگمەنەکان دەکرێت بۆ هەموو کۆرپە تازە لەدایکبووەکان (وەزارەتی سۆشیال و تەندروستی ۲۰۱٤/٤/۷).
مەزندە دەکرێت کە لە هەر سێ هەزار منداڵی کۆرپە یەکێکیان نەخۆشییەکی هەیە کە دەتوانرێت بە پشکنین دەستنیشان بکرێت، کە ئەو زیانە هەمیشەییانەی کە بەهۆیەوە تووشی دەبن دەتوانرێت لەگەڵ دەستپێکردنی چارەسەرکردن بە خێراییەکی پێویست خۆی لێ بپارێزرێت.
بەبێ پشکنین، زۆرجار ناسینەوەی پێشوەختەی ئەم نەخۆشیانە مەحاڵە.
لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەم جۆرە پشکنینی تازەلەدایکبووانە ساڵانێک لەمەوبەر دەستی پێکردووە.



ئەو منداڵانەی کە نەخۆشی زگماکی قورسیان هەیە لەوانەیە لە کاتی تازە لەدایکبووندا بە تەواوی تەندروست دەرکەون. یەکەم نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە دەگمەنانە لە نمونەی پشکنیندا بە دوایاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی نەخۆشییەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەری پێویست لە کاتی خۆیدا دەست پێبکرێت. بە چارەسەرکردنێک کە زوو دەستی پێ بکرێت بەگشتی دەتوانرێت ڕێگری لە کەمئەندامیی هەمیشەیی یان تەنانەت مردنی منداڵیش بکرێت.

پشکنینەکە بە چەند دڵۆپێک خوێن ئەنجام دەدرێت، ئەوەش کاتێک کە منداڵە کۆرپەکە تەمەنی دەبێتە ۲- ٥ ڕۆژ بە دەرزییەکی بچووک دڵۆپە خوێنەکان لە پاژنەی پێی وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر کاغەزێکی مژەر. ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکە نائاسایی دەرچوو، دەستبەجێ لەلایەن نەخۆشخانەوە پەیوەندی بە خێزانەکەوە دەکرێت. نمونەی خوێنی نوێ لە کۆرپەکە وەردەگیرێت بۆ پشکنینی زیاتر و دوکتۆری منداڵانیش تەندروستیی کۆرپەکە دەپشکنێت. بەشێکی زۆری ئەو منداڵانەش لە پشکنینی بەدواداچووندا تەندروست دەردەکەون. ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکە ئاسایی بێت بە جیا ئاگاداری نادرێت، بەڵام وەڵامەکە لە ئۆماکەنتا (Omakanta) دەبینرێت.

پشکنینی تازەلەدایکبووان یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە زیانەکانی هەندێک نەخۆشی زگماک کە چارەسەریان هەیە. بۆ ئەو منداڵە کۆرپە بە دەگمەنانەی کە یەکێک لەو نەخۆشیانەیان هەیە پشکنین و دەستنیشانکردنی پێشوەختەی نەخۆشی دەکرێت ژیانیان ڕزگار بکات.

هاوپێچی ئەم نووسراوە زانیاری وردتر لەسەر ئەو نەخۆشیانە هەیە کە دەکرێت پشکنینیان بۆ بکرێت.
زانیاری زیاتر لەم ناونیشانەدا دەستدەکەوێت www.saske.fi

## گرینگە!

نمونەی پشکنین بەگشتی لە بەشی نەخۆشخانەی منداڵبوون لە ۲-٥ ڕۆژدا وەردەگیرێت، واتە لە تەمەنی ٤۸ - ۱۲۰ کاتژمێردا. ئەگەر منداڵەکە لە تەمەنی ۳۸-٤۸ کاتژمێریدا برایەوە بۆ ماڵەوە ، دەتوانرێت نمونەکە لەو کاتەدا وەربگیرێت کە دەچێتە ماڵەوە. ئەگەر پێش ئەوەی منداڵەکە تەمەنی ببێتە ۳٦ کاتژمێر بچنەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا نمونەکە لە سەردانێکی تاقیگەی جیا لە تەمەنی نێوان ٤۸ بۆ ۱۲۰ کاتژمێردا وەردەگیرێت.

ئەگەر پێویست بوو دەتوانیت زانیاری زیاتر لەسەر نمونە گرتن و پشکنین لە کارمەندانی نەخۆشخانەی منداڵبوون وەربگریت.

# زانیاری لەسەر ئەو نەخۆشیانەیە کە دەکرێت پشکنینیان بۆ بکرێت

**لاوازیی زگماکیی غودەی دەرەقی،** واتە (هایپۆثایرۆدیزم) دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی. هۆرمۆنی غودەی دەرەقی زۆر پێویستە بۆ گەورەبوونی منداڵ و گەشەکردنی مێشک. نەبوونی ئەو هۆرمۆنە لە ساڵانی یەکەمی تەمەندا دەبێتە هۆی تێکچوونی توندی گەورەبوون و کەمئەندامیی گەشەکردن. ئەگەر لاوازیی غودەکە زوو دەستنیشان بکرێت و لە هەفتەکانی یەکەمی تەمەنیەوە بە دەرمانی هۆرمۆنی غودەی دەرەقی چارەسەر بکرێت منداڵەکە بە شێوەیەکی ئاسایی گەورە دەبێت و گەشە دەکات. لە فینلەندا، بڵاوبوونەوەی لاوازیی زگماکیی غودەی دەرەقی لە منداڵانی تازە لەدایکبوودا نزیکەی ۱:۲۰۰۰ - ۱:۳۵۰۰ هەیە. نەخۆشییەکە تەنها بە دەگمەن بۆماوەیی (ویراسی) دەبێت.

**زیاد گەورەبوونی زگماکی ئەدرینال (غودەی کڵاوی گورچیلە)** واتە زیادبوونی ئەدرینال (CAH) بەهۆی تێکچوونی بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی ستیرۆید لە توێکڵی غودەی ئەدرینالەوە دروست دەبێت. ئەم هۆرمۆنانە بەشدارن لە ڕێکخستنی ئەرکە گرنگەکان وەکو ڕێکخستنی هاوسەنگیی شەکر و خوێ و شلە. بەبێ چارەسەر، لە توندترین شێوەکانی نەخۆشییەکەدا، منداڵ بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگی خوێ و شلەمەنیەوە بۆی هەیە بمرێت. هەروەها نەخۆشییەکە دەردانی هۆرمۆنەکانی نێرینەش زیاد دەکات. لە فینلەندا، بڵاوبوونەوەی زیاد دەردانی زگماکیی غودەی دەرەقی (ئەدرینال) لە منداڵانی تازە لەدایکبوودا نزیکەی ۱:۱۵۰۰۰ - ۱:۲۰۰۰۰ هەیە. نەخۆشییەکە بە دەرمانێک چارەسەر دەکرێت کە جێگەی کەمیی هۆرمۆنەکان دەگرێتەوە. بە یارمەتی چارەسەرەکە، نەخۆشەکە ژیانێکی ئاسایی دەژی.

**کەمی بەرگریی تێکەڵاوی توند** (SCID) نەخۆشییەکی دەگمەنی بۆماوەیی کەمی بەرگرییە کە تێیدا سیستەمی بەرگری لەش بە لاوازی کار دەکات. لە ئەنجامی ئەو کەموکورییەدا، توانای بەرگری منداڵ لە دژی هەوکردنەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەبێت و ئەگەر چارەسەر نەکرێت بەگشتی نەخۆشییەکە دەبێتە هۆی مردنی منداڵەکە لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی تەمەنیدا. زۆربەی منداڵان دەتوانرێت بە چاندنی خانە بنەڕەتییەکان بۆ هەمیشە چاک بکرێنەوە ئەگەر نەخۆشییەکە دەستنیشان بکرێت و پێش ڕوودانی هەوکردنەکان چارەسەر بکرێت. بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە فینلەندا بە نزیکەی ۱:۵۰،۰۰۰ - ۱:۱۰۰،۰۰۰ مەزەندە دەکرێت

**نەخۆشییەکانی تێکچوونی زگماکی میتابۆلیزمی ترشی ئەمینی و ترشی چەوری** کە لە پشکنیندا بەدوایدا دەگەڕێین (بۆ نموونە، PKU، LCHADD، MCADD، و GA1) دەگمەنن. تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ورد لەسەر بڵاوبوونەوەی هەموو ئەم نەخۆشیانە لە فینلەندا نییە، بەڵام مەزەندە دەکرێت ساڵانە دەیان منداڵ لە فینلەندا لە دایک دەبن کە یەکێک لەو نەخۆشیانەی هەیە. نەخۆشییە زگماکیەکانی میتابۆلیک (گۆڕانکاریی مادەکان) بە یارمەتی پارێزی خۆراکی تایبەت و دەرمانە خۆراکیە دروستکراوەکان چارەسەر دەکرێن. هەروەها هەندێک لە نەخۆشیەکانیش چارەسەری پزیشکیيان هەیە.

ئەو نەخۆشییە میتابۆلیزمانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت زۆرجار دەبنە هۆی تێکچوونی جددی لە میتابۆلیزمی جەستەدا. لەوانەیە بەرهەمهێنانی وزە تێکبچێت یان ماددە ژەهراویەکان لە جەستەدا کۆببنەوە. نیشانەکان دەکرێت بۆ نموونە ڕشانەوە، نەشونماکردنی خراپ، کەمئەندامیی گەشەکردن یان تەنانەت مردنیش بێت. مەزەندە دەکرێت کە ٥٪ی مردنە شاراوەکان بەهۆی نەخۆشییە زگماکیەکانی میتابۆلیزم (گۆڕانکاری مادە خۆراکیەکان)ەوە بێت. نەخۆشیەکانی میتابۆلیزم (گۆڕانکاریی مادە خۆراکیەکان) کە پشکنینیان بۆ دەکرێت بەگشتی دەتوانرێت بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەر بکرێن ئەگەر چارەسەرکردنەکە زوو دەست پێبکرێت. پێشبینی نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بەندە بەوەوە کە بەر لە دەستپێکردنی چارەسەرکردنەکە چەندێک زیانی گەیاندووە.

زۆربەی ئەو نەخۆشیانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت بە شێوەیەکی شاراوە بۆماوەیی دەبن. لەم حاڵەتەدا گۆڕانی هۆکاری بۆماوەیی، واتە گۆڕانکاریی بۆماوەیی، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لە ڕێگەی هەڵگری گۆڕانکاریی تەندروستەوە دەگوازرێتەوە و نەخۆشییەکە تەنها کاتێک ڕوودەدات کە دوو هەڵگری گۆڕانکارییەکە منداڵێکیان پێکەوە هەبێت و هەردوو دایک و باوک گۆڕانکارییەکە بگوازنەوە بۆ منداڵەکە. لە هەر دووگیانییەکدا، ژن و مێردێک کە هەڵگری گۆڕانکارییەکەن، مەترسی ٢٥٪ یان هەیە بۆ ئەوەی منداڵێکی نەخۆشیان هەبێت.